# دەستووری هەرێمی کوردستان بە عەلمانی ناکرێت

**ریێبین فەتاح**

گرفتی بە ناو عەلمانییەکانی ئەو وڵاتە ئەوەیە کە هەمیشەو بەردەوام دوای روداوەکان دەکەون، بەبێ ئەوەی رۆڵیان هەبێت لە خولقاندنی روداوەکاندا، بەپێچەوانەشەوە هێزە ئیسلامییەکان لە چالاکی دان و بەخێراییەکی زۆرەوە خەریکی بەئیسلامیزەکردنی ناوەندەکانی راگەیاندن، زانکۆ، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنین. ئەوان لە زانکۆکاندا کە گوایە ناوەندی باڵای مەعریفەیە لەو وڵاتەدا، رۆژانە نامیلکەو سیدی خوتبەی مەلاکان بڵاودەکەنەوەو ئەگەریش پێویست بکات قوتابیان وەگەڵ خۆیان دەدەن بۆ لای شێخ و مەلاکانیان و لەوسەرەوە نوشتەو دوعا دەهێننەوە. نوشتەکان جیاوازن هەندێك بۆ دەرچوون لە تاقیکردنەوەکان و هەندێکیان لەو نوشتانەن کە ئەیان گەیەننە بەهەشت. هەر ئەو باڵە ئیسلامییانە رۆژانە گۆڤارو رۆژنامەی تایبەت دەردەکەن و خۆ تەواوی رۆژنامەکانی ئەو وڵاتەش لە ترسی فتوای کوشتن و تۆمەت بۆ هەڵبەستن و دەربەدەرکردن جورئەتی ئەوە ناکەن دوو دێڕ لەمەڕ ئیسلامییەکانەوە بنووسن.

ئەو حزب و نووسەرانەی لە کوردستان بانگەشەی عەلمانی بوون دەکەن، بانگەشە کردنیان و نووسینەکانیان ئەوەندە کزۆڵەو لاوازن لەبەردەم بچووك ترین رەخنەدا هەرەس دەهێنن. بەڵگەش ئەوەیە تا ئێستا توانای ئەوەیان نەبووە شتێك بەشتێك بکەن، ئەوەتە نییە لە ناو زانکۆدا کە دامەزراوەیەکی مۆدێرنەو لەسەر بنەمای عەقڵ کار دەکات، ئەگەر باس لە عەلمانی بوون بکەیت، دوور نییە خرکە بەردت تێبگرن! ئەمە بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر چرِی هەوڵەکانی هێزە ئیسلامییەکان لە بەئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگادا. لەبەرامبەر ئەوەشدا بە ناو عەلمانییەکان وەك ئەوەی لە گوێی گادا خەوت بن، یان "یاسین" لەسەر گۆڕی مردووەکانیان بخوێننەوە، ئاگایان لەوە نییە چی لەم وڵاتەدا دەگوزەرێت. لەبەرئەوە دەبینین رۆژ بە رۆژ هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان پێگەی خۆیان دادەکوتن و باڵی عەلمانیەت و زانستخوازیش پاشەکشە دەکات. بەداخەوە ناچار دەبین دان بەو هەقیقەتە دابنێین کە نەك هەر قوتابیانی زانکۆ ، بگرە مامۆستاکانیشمان باوەڕیان بە چوونە سەر چاك و نوشتەی شێخ و مەلاکان هەیە. ئەگەر بەدوای مامۆستایەکی زانکۆشدا بگەڕێیت ئەو باوەڕەی نەبێت بەداخەوە نائومێد دەبیت.

دوای ئەو چەند دێرە هەڵ دەدەم نائاگایی بە ناو عەلمانیەکانی کوردستان بسەلمێنم، بۆ ئەمەش دەمەوێت پێکهێنانی کەمپینی بە عەلمانی کردنی پڕۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان و لابردنی مادەی 7ی ئەو پڕۆژە دەستوورییە وەك بەڵگەیەك بهێنمەوە.

ماوەیەك لەمەوبەر کەمپینێك بۆ ئەو مەبەستە پێك هات کە بەردەوام جەخت لەسەر لابردنی مادەی 7ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، بەوەی ئەو مادەیە تایبەتە بە چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامی وەك سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان لە کوردستان. ئەگەرچی دەستوور دەبێت ریفراندمی لەسەر بکرێت و خەڵك پەسەندی بکات، بەڵام هەقیقەتەکەی بۆ دەستووری کوردستان ئەوەیە کە بوون و نەبوونی وەك و یەك وایە. چونکە بەگوێرەی دەستووری هەمیشەیی عیراق کە عەلمانیەکان بوون دەنگیان پێدا، نابێت هیچ مادەو برگەیەکی دەستووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عیراق ناکۆکی یان دژایەتی هەبێت. واتا دەستووری عیراق چەترێکە بە سەر دەستووری کوردستانەوە. ئێستا پاش ئەوەی لە دەستووری هەمیشەیدا ئەوە چەسپا کە ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە، ئیتر دەستووری هەموو هەرێمەکانی عیراق ئەوەیان بەسەر دەچەسپێت. بێ گومان هەرێمی کوردستانیش لەوە بەدەر نابێت. جا ئەگەر لە دەستوورەکەیدا باس ئیسلامی هەر تێدا نەبێت.

کەواتە بوون و نەبوونی مادەی 7ی دەستووری هەرێمی کوردستان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت لەبەرئەوەی دەستووری

هەمیشەیی عیراق، دەستووری بنەڕەتییە. جا ئەگەر ئیرادەی کەمپینی بە عەلمانی کردنی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەوەندە بەهێز بێت ئەو مادەیەش لابەرێت، هێشتا هیچی نەکردووە ! چونکە لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا ئەوە یەکلایی کراوەتەوە، کە ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانەو پاشان ئەگەر لە دەستووری هەرێمی کوردستان هەر مادەیەك ئەگەر تەواو پێچەوانەی مادەی 7 بێت، دابنرێت، هەموو تەمەنی سەفەرێك دەبێت لە هەولێرەوە بۆ بەغدا. لەپەرلەمانی کوردستانەوە بۆ دادگای باڵای دەستووری لە عیراق کە ئەرکی پێداچوونەوەی ئەو پڕۆژە دەستوورییەی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆ دەگرێت و هەر مادەیەك یان بڕگەیەکی ناکۆك بێت لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عیراق بەسنورداش کراوی بۆمانی ڕەوانە دەکەنەوە. کەواتە ئەو هەوڵدانەی کەمپینی بە عەلمانی کردنی دەستووری هەرێمی کوردستان، تەنها ماندووبوونێکی بێ ئاکامە.